سیڤەر رەشید
یاریزانی باڵەی یانەی تەقتەق:

# ئاستی یاریی باڵەی هەرێم لە عێراق باشترە




ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاریی تۆپی باڵە و یەکێک لەم یاریزانانەش کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاریی تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، (سیڤەر رەشید)ە، یاریزانی یانەی تەقتەقە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ ـە، لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراقیش چەندین ئەنجامی گەورەی لەگەڵ تیپەکەی بەدەستهێناوە، ئێمە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەکەمان تا رادەیەك بەرەوپێشچوونێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە ئاستی پێویست نییە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق کە تۆ لە هەردوو خولەکە بەشداری؟**

-ئاستی یاریی باڵە لە هەرێمی کوردستان باشترە لە ئاستی عێراق لەم یارییەدا.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە ئەکادیمیای زیاتر بۆ فێربوونی یاری باڵە بکرێتەوە و راهێنەری بەتواناو شارەزای بۆ دابین بکرێت.

*** بۆچی یانەکەتان گرنگی زۆر بە یاریی باڵەی کچان دەدات لە چاو یارییەکانی دیکەی وەرزشی؟**

- یانەی تەقتەق لە ئاستی کچاندا لە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستاندایە، لە یارییە جۆراوجۆرەکانی تریشدا بەشدارە، بەڵام لەبەر نەکرانەوەی پاڵەوانیەتییەکان دەرکەوتنیان کەمترە، خۆشبەختانە کوڕانی یانەی تەقتەقیش لە خۆئامادەکردنی تەواون بۆ گەیشتن بە خولی نایاب.

***گرفتەکانی کچان لە بەردەم بەردەوامبوونیان لە وەرزش چین؟**

- نەبوونی پاڵپشتی و نەبوونی شوێن و جێگای تایبەت بە وەرزش و خراپی باری دارایی.

*** بۆچی لە ماوەی رابردوو ئاستی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە؟**

- هۆکارەکەی کەمیی یاریزانەکانمانەو نەبوونی گرێبەستی یاریزان لەگەڵ یانەو نەبوونی پارە، بەڵام خۆشبەختانە بەردەوامین لە مەشقی خۆمان.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

-هیواو ئاواتم ئەوەیە یانەکەم یاریی باڵەی کچان زیاتر بەرەوپێش ببات و کچە یاریزانی تازە بێنێتەپێشەوە، زۆر حەزدەکەم لە داهاتووش لەم بەشەی وەرزش خزمەت بکەم.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە؟**

-تەنیا لە یانەی کۆیە داواکراوم لە هەردوو یاریی باڵە و تۆپی دەست، بەڵام من نەچووم لەبەر یانەکەی خۆم.

*** بۆچی یاریی باڵەت خۆشدەوێ؟**

-یاریی باڵە یەکێکە لەو یارییانەی لە جیهاندا گرنگیی زۆری پێ دەدرێت و لە کوردستانیش لە پێشەنگی یارییەکاندایە و یاریزانی لێهاتوو و بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە و هاندەرێکی زۆری هەیە بۆ هەوڵی پێشکەوتنی تەواوەتی دەدرێت و منیش ئەم یارییەم خۆش دەوێت.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی وەرزش بکەن و خولی بەردەوام بکرێتەوە و پاڵپشتی سەرجەم یانەکان بن بۆ ئەوەی ئەوانیش بەردەوام بن.

***ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم بەردەوام بم لە وەرزشکردن و بەشداریکردن لە خولەکان.

***خانەوادەکەت چۆن هاوکاریت دەکەن؟**

- هاوکارێکی باشی منن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەی گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانن لە شارەکانی کوردستان.






# فیفا خەڵاتەکانی (The Best)ی دابەشکرد

**مۆدریچ دوای ١٠ ساڵ لە قۆرخکردانی خەڵاتەکە بۆ میسی و رۆناڵدۆ بووە باشترین یاریزانی جیهان**

● **باشترین یاریزانی پیاو**

یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا و یانەی ریال مەدرید لۆکا مۆدریچ بۆ یەکەم جار دوای دە ساڵ توانی کۆتایی بە قۆرخکردنی خەڵاتەکە لە نێوان میسی و رۆناڵدۆ کۆتایی پێبهێنێت و ببێتە باشترین یاریزانی جیهان (The Best).

مۆدریچ توانی لە ساڵی ٢٠١٨ هەڵبژاردەی کرواتیا بگەیێنێتە یاری کۆتایی جامی جیهانی و ببێتە باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکە و هەروەها لەگەڵ یانەی ریال مەدریدیش توانی پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە دەستبهێنێت.

هەرچەندە کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئامادەی ئاهەنگی دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی جیهان نەبوو، بەڵام توانی پلەی دووەم بەدەستبهێنێت و یاریزانی هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوول محەمەد سەلاح پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

● **باشترین یاریزانی ئافرەت**

کچە یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ئۆرلاندۆی ئەمەریکی مارتا بووە باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی کچان بۆ جاری شەشەم لە مێژووی خۆیدا.

مارتا خاوەنی ژمارەی پێوانەییە ١٢ ساڵ لەسەر یەکتری پاڵێوراوی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان و شەش جار توانی ئەم خەڵاتە بباتەوە و تا ئێستا هیچ یاریزانێک نەیتوانیوە بگاتە ئەم ژمارەیە.

یاریزانی هەڵبژاردەی نەرویج ئادە هێگلێبێرگ پلەی دووەمی بەدەستهێنا و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا مارۆزۆسان پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

● **باشترین راهێنەری پیاو**

دیدێ دیشامپ راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهانی بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی جامی جیهانی ٢٠١٨ لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا بەدەستبهێنێت.

دیدێ دیشامپ بووە سێیەم راهێنەر لە مێژوودا وەکو راهێنەر و یاریزان جامی جیهانی بەدەستبهێنێت دوای هەردوو ئەفسانە (زاگالۆ و فرانس بیکنباوەر) و لەگەڵ ئەوشدا دیشامپ لە ساڵی ٢٠١٦ توانی بگاتە یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا، بەڵام لەگەڵ پورتوگال تووشی شکست بوو.

راهێنەری هەڵبژاردەی کرواتیا زلاتکۆ دالیچ پلەی دووەمی بەدەستهێنا و زینەدین زیدان راهێنەری پێشووی یانەی ریال مەدرید پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

● **باشترین راهێنەری ئافرەت**

رینۆلد پیدرۆس راهێنەری یانەی لیۆن لەسەر ئاستی ئافرەتان بووە باشترین راهێنەری یانەکانی ئافرەتان دوای ئەوەی توانی خولی فەرەنسا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بەدەستهێنا.

راهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن ئاساکۆ تاکاکورا پلەی دووەمی بەدەستهێنا و راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا سارینا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

● **باشترین گۆڵپارێز**

کۆرتوا گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی بەلژیکا و یانەی ریال مەدرید خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکا پلەی سێیەمی جامی جیهانی ٢٠١٨ی بەدەستبهێنێت و لەگەڵ یانەی چێلسی ئاستێکی نموونەیی پێشکەش کرد.

گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی فەرەنسا هۆگۆ لۆریس پلەی دووەمی بەدەستهێنا و کاسپیر شمایکل گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی دانیمارک و لیستەر سیتی پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

● **خەڵاتی پۆشکاش**

محەمەد سەلاح یاریزانی یانەی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی میسر خەڵاتی پۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵی وەرزی بردووە.

گۆڵەکەی محەمەد سەلاح لە خولی ئینگلیزی بوو کاتێک توانی بەشێوازێکی جوان گۆڵ لە یانەی ئێڤەرتۆن بکات.

هەر لەم ئاهەنگەدا چەندین خەڵاتی تر دابەشکرا هاندەرانی هەڵبژاردەی پیرۆ خەڵاتی (هاندەری نموونەییان) بردەوە.

یاریزانی یانەی ڤی ڤی ڤینلۆی هۆڵەندی (لێنارت سای) خەڵاتی یاری خاوێنی بردووە دوای ئەوەی رۆڵێکی باڵای بینی لە رزگارکردنی ژیانی کەسێکی تووشبووی نەخۆشی لۆکیمیا.

هەر لەم ئاهەنگەدا فیفا پێکهاتەی باشترین یاریزانەکانی جیهانی دەستنیشانکرد، کە بەمشێوەیە:

گۆڵپارێز: دی خیا (ئیسپانیا)

هێڵی بەرگری: دانی ئەلڤێس (بەرازیل)، مارسیلۆ (بەرازیل)، سێرجی رامۆس (ئیسپانیا)، رافائێل ڤاران (فەرەنسا)

هێڵی ناوەراست: ئیدین هازارد (بەلژیکا)، کانتی (فەرەنسا)، لۆکا مۆدریچ (کرواتیا).

هێڵی هێرشبەر: میسی (ئەرژەنتین)، کریستیانۆ رۆناڵدۆ (پورتوگال)، کیلیان ئیمباپێ (فەرەنسا).

**هەفتەی رابردوو لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئاهەنگی دەستنیشانکردنی باشترینەکانی جیهان ( the best) بەرێوەچوو.**

**لەم ئاهەنگە ئەستێرەکانی پێشوو و ئێستا و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی وڵاتانی ئەندام لە فیفا و چەندین کەسایەتی وەرزشی جیهانی بەشداربوون.**

**مۆدریچ بۆ یەکەم دوای دە ساڵ لە کۆنترۆڵکردنی میسی و رۆناڵدۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بردووە.**

**خەڵاتەکانی باشترینەکانی جیهان بەمشێوەیە بوو.**

**ئا: رێبین رەمزی**

# کچ و کوڕێکی وەرزشکار خۆبەخشانە خزمەتی وەرزشکاران دەکەن



کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی سۆران ساڵانە چەندین کچ و کوڕ لە بەشی وەرزشی کۆلێژەکە وەردەگرن بەپێی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە جەستەییەکانیان، ماوەی دوو ساڵە کچ و کوڕێکی وەرزشکار کارێکی خۆبەخش ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی زۆرترین وەرزشکاری دەڤەرەکەیان لەم کۆلێژە وەربگیرێن، هەڵاڵە فەیسەل خەڵکی گوندی هەسانانەیە و لەوێوە رۆژانە دێتە قەزای سۆران بۆ ئەوەی ئەم کارە خۆبەخشییە ئەنجام بدات و ئامانجی ئەو وەک خۆی باسیکرد خزمەتکردنی وەرزشە و رێکخراوێکی ناحکومییان دامەزراندووە بە ناوی ورە، لەبارەی ئەنجامدانی ئەو کارە خۆبەخشییەش هەڵاڵە فەیسەڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو رێکخراوی ورە بۆ پەرەپێدانی لاوان و کۆمەڵگە ساڵانە ئەو خولە دەکەینەوەو خولەکەش بەردەوام دەبێت بۆ وەرزشکارانی ئارەزوومەند لە دەڤەری سۆران، ماوەی دوو ساڵە دەستمان کردووە بە کردنەوەی خولێک بۆ قوتابیانی قۆناغی ١٢ی ئامادەیی و ئەوانەی کە ئارەزووی وەرگرتنیان هەیە لە کۆلێژی وەرزشی لە هەریەك لە کۆلێژەکانی وەرزشی لە کوردستان.» گوتیشی: «لەم خولەدا قوتابیان فێری شێوازی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی جەستەیی دەکرێن، بە هەمان شێوازی زانکۆ کە بە قوتابیانی دەکات، ساڵانە رێژەیەکی زۆری قوتابیان بەشداری تێدا دەکەن لە هەردوو رەگەز و بەشی زۆری ئەوانەی لای ئێمە مەشقیان کردووە، لە زانکۆکان وەرگیراون، ئامانجی ئێمە لەم خولە فێرکردنی قوتابیانە لە شێوازی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی بە شێوەیەکی ئاسان و وادەکەین زانیاریی تەواویان هەبێت، ئاسانکاریشە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە سەرپەرشتییان دەکەن و کار و ئەرکیان ئاسانتر دەبێت، ئێمە لە رێکخراوی ورە ئەم کارە بە خۆبەخشی ئەنجام دەدەین لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە شێوازی زارەکی و کرداری ماوەی خولەکانیش (١٠-١٥) رۆژ دەخایێنێ من و هێرش موحسین سەرۆکی رێکخراوەکە وانەکان دەڵێینەوە بۆ هەردوو رەگەز، دەمانەوێ قوتابی پێش وەرگرتنی لە شێوەی ئەکادیمی فێری جووڵەکان بێت.» سەبارەت بە دابینکردنی یاریگا و خواردنیش گوتی: «یاریگای بنکەی وەرزش و لاوانی سۆران بە سوپاسەوە بۆمان دابین دەکرێت و سپۆنسەری ئەم کارەشمان (هۆڵی گۆڵد)ە لە قەزای سۆران کە دەستخۆشییان لێ دەکەم و زۆر هاوکارمانن، ساڵانە ٢٠ بۆ ٢٥ قوتابی وەردەگرین و ساڵی رابردوو زۆربەی قوتابییەکان لە زانکۆ وەرگیراون.»



## بەیار ئەبوبەکر: هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە ریزی هەڵبژاردەی عێراق

یانەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق ساڵانە چەندین یاریزانی کورد دەکەنە ئامانج بۆ ئەوەی لە ریزی یانەکانیان یارییان پێ بکەن لە خولی عێراقی، بەیار ئەبوبەکر یەکێك لەو یاریزانە کوردانەیە کە ماوەیەکی زۆرە لە خولەکانی عێراقی یاری دەکات، ماوەی دوو وەرزیشە لەگەڵ یانەی نەفت یاری دەکات، ئەمساڵیش سەرەڕای هاتنی گرێبەست بۆی، هەر لە یانەی نەفت مایەوە، لەم بارەشەوە بەیار ئەبوبەکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە گرێبەستی دیکەم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی، بەڵام من یانەی نەفتم لە هەموو ئەو گرێبەستانە پێ باشتر بوو کە پێشکەشم کرابوون، چونکە یانەی نەفت یانەیەکی بەهێزە و خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە لە ئاستی عێراق بۆیە دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم، جگە لەوەش یاریکردنم بۆ ئەوە یانەیە بۆ ئەوەیە بتوانم لە خولی یانەکانی ئاسیا و لە ئاستی دەرەوەش بەشداری بکەم و وەکو یاریزانێکی کورد ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم.» گوتیشی: «کارگێڕی یانەی نەفت و یاریزانەکان زۆر رێزی ئێمە دەگرن وەکو یاریزانی کورد لە ماوەی رابردووش هیچ گرفتێکم لەگەڵ ئەو تیپە و کارگێڕییەکەی نەبووە، چەندین گرێبەستیشم هەبوو، بەتایبەتی یانەی تەلەبە زۆر داوایان کرد کە بچمە ریزی ئەو یانەیە، بەڵام من رەتم کردەوە و یانەی نەفتم پێ باشتر بوو، بەڵام دەمەوێ لە ساڵانی ئایندە لە ریزی یانەیەکی گەورەتر یاری بکەم بۆ ئەوەی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەم، هیوای من پیشەگەرییە لە سەر ئاستی دەرەوەی عێراق بۆ ئەوەی بتوانم وەکو کورد ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم.» سەبارەت بە گەڕانەوەشی بۆ هەڵبژاردەی عێراقی گوتی: «بۆ ئەو چەند یارییە بانگ نەکراوم، بەڵام ئومێدی زۆرم بەخۆم هەیە کە دەتوانم کاری باش بکەم و وا لە ستافی راهێنەران بکەم کە داوام بکەنەوە بۆ یاریکردن لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی، ئەو هەلەشم لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانم جارێکی دی بگەڕێمەوە ریزی هەڵبژاردەی عێراق.»

## یانەی هەولێر داوای هاوکاری لەحکومەت دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر تاکە نوێنەری یانەکانی باشووری کوردستانە لە خولی نایابی عێراقی و بۆ بەشداریکردنیش لە خولەکە یانەکە پێویستی بەتوانای دارایی زیاتر دەبێت، هەرچەندە یانەکە لەم قۆناخە تەنیا دوو یاری ئەنجامداوە و دەیەوێت ئاستی بەرز پێشکەش بکات، کە لە دەستپێکی خولەکە ئاستی باش بووە، بەڵام بەهۆی هێنانی ژمارەیەك لە یاریزانان لە یانەکانی دیکەی عێراقی و کوردستان پێویستی بە توانای دارایی زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی مووچە و گرێبەستی یاریزانان دابین بکات، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ نوێنەری یانەکانی کوردستانین لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەشداریکردنیش لەم خولە پێویستی بە بودجەیەکی باش هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، چونکە کۆمەڵێك یاریزانی باش و بەتوانامان هەیە کە لە یانەکانی دیکەوە هاتوونەتە یانەی وەرزشی هەولێر، یاریزانەکانیشمان بەشێکیان مووچە و گرێبەستیان هەیە و بەشێکیان تەنیا مووچەیە، بۆیە ئێمەش ئەرکێکی قورسترمان دێتەسەرشان، ئەویش دابینکردنی بڕە پارەیەکی زیاترە بۆ دابینکردنی گرێبەست و مووچەکان، بۆیە بە هیوای ئەوەین حکومەتی هەرێم چۆن کاتی خۆی هاوکاری یانەی زاخۆی کرد، ئەوهاش هاوکاری یانەی هەولێر بکات، چونکە تاکە یانەی باشووری کوردستانین کە بەشدارین لە خولی عێراقی، بۆیە پێویستمان بە هاوکاری دارایی هەیە.» لەبارەی هێنانی یاریزانی زیاتریش بۆ یانەکە گوتی: «تەنیا ئەو کۆمەڵە یاریزانەمان هێناوە کە ئێستا لە یانەکەن، ئەگەری هەیە لە داهاتوو یاریزانێکی ئەفریقی بێتە یانەکە، بەڵام چیتر لەم قۆناخە یاریزانی دیکە ناهێنین، تا ئێستاش بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی تیپەکە رازین کە لە خولەکە بەدەرکەوتوون، لەم بڕوایەشم ئەگەر بەم ئاستە بەردەوام بن، دەتوانن لە یارییەکانی داهاتوو ئاستی باشتر پێشکەش بکەن.»

